


## صەفییە

صفية بنت حيي بن أخطب بن سعية بن عامر ابن عبيد بن كعب.

لە بنەمادا ناوی حەبیبە بووە, دواتر ناونراوە بە صەفییە. پێشتر دوو شووی كردووەو ژیانێكی سەرداراانەی هەبووە. یەكەم مێردی شاعیرێكی یەهودی بووە بەناوی سلام بن مشكم. دوای مردنی ئەم مێردەی, شاعیرێكی تری یەهودی دەیخوازێت بەناوی كنانة بن أبي الحقيق.[1] دواتر لەساڵی حەوتی كۆچیدا بووەتە ژنی موحەممەدو لەساڵی پەنجای كۆچیدا مردووە.[2]

دەستكەوتنی ژنێك بەناوی صەفییە سیناریۆیەكی دیكەیە لە هاوشێوەی ڕێحانە. شوێنو دەسەڵاتو ناوی موحەممەد, سەرەتا وەك پەیامبەرێك, دواتر وەك زەعیمێك، سیاسییەك، سەركردەیەكو پاشایەك, وای لێكرد ژن لەسەر ژن بهێنێو

---

1 الطبقات الكبرى, ج 8 ص 109-110

2 بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە الطبقات الكبرى, ج 8 ص 109-110

لەهەموو دەستکەوتێکیشدا پشکی خۆی بەربکەوێت, وەك ئەم ژنەی کەناوی (صفیه)یە. صەفیە بەڵگەیەکی رەسەنە بۆ سەلماندنی نەك پەیامبەرێتی موحەممەد, بەڵکو پادشاهێتی ئەم کەسە مێژووییە, کە بەپێچەوانەی دروشمەکانی قۆناغی مەککەیەوە, لەژێر کاریگەری غەریزەکانی سێکسی خۆیدا, چەندین رەفتاری توندوتیژی پراکتیك کردووە.

پاش هێرشێکی بەرفراوان لەلایەن موسڵمانانەوە بۆ سەر شاری (خەیبەر) بەسەرکردایەتی موحەممەد, ئەو شەڕە چەندین رۆژی خایاندووەو چەندین کەسیش خەڵتانی خوێن بوون. شارەکە وێران دەبێتو موسڵمانان دەستی بەسەردا دەگرن. ئەو کاتەی شەڕەکە تەواو بووەو موحەممەد چۆتە ناو شارەکەوە, لەخۆشی وێرانبوونو داگیرکردنیدا سێ جار تەکبیری ئەڵلاکەی کردووەو وتوویەتی (الله اکبر, الله اکبر, الله اکبر, شکور خەیبەر وێران بووە.)[3]

پاش کردەی ئەنفالو کۆکردنەوەی دەستکەوتەکانو دابەشکردنیان لەنێوان موسڵمانەکاندا, کەتێیدا چەندین ژن وەك دەستکەوت بوونەتە کەنیزەکی موجاهیدو صەحابەکان, بەپێی

3 صحيح المسلم. كتاب النكاح, باب فضيلة إعتاق أمته ثم يتزوجها. حديث1365

حوكمی قورئان ئایەتی چلویەك لە سورەتی ئەنفال[4] پێنج یەكی ئەم دەستكەوتانە بەر موحەممەد كەوتووە. لەناو بەشەكەی موحەممەددا ژنێك هەبووە بە ناوی صەفییە. ئەم ژنە دەموچاوێكی درەوشاوەی پێوە بووەو یەكێك بووە لەژنە هەرە جوانەكانی یەهودو لەشۆخو شەنگیدا بەناوبانگ بووە.[5] موحەممەدیش لە سەرەتادا نەیزانیبوو ژنێكی جوانو ناوداری لەم شێوەیە یەكێكە لەژنانو دەستكەوتەكانی تری. بۆیە دەیبەخشێت بە صەحابەیەك. بەلاَم دواتر بۆی دەردەكەوێت ئەم ژنە كێیەو چۆنە لە بەخشینەكەی پەشیمان دەبێتەوەو ژنەكە دەهێنێتەوە بۆلای خۆی. (أنس) كە یەكێكە لە صەحابە باوەڕپێكراوەكانی مێژووی ئیسلام, باسی چۆنێتی ڕووداوی پەشیمانبوونەوەكە دەكاتو دەلێت:

---

4 {وَاعْلَمُواْ أَنَّمَا غَنِمْتُم مِّن شَيْءٍ فَأَنَّ لِلّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ إِن كُنتُمْ آمَنتُمْ بِاللّهِ وَمَا أَنزَلْنَا عَلَى عَبْدِنَا يَوْمَ الْفُرْقَانِ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ وَاللّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ} (41) سورة الأنفال (**باش بزانن ئەو دەستكەوتانەی كە لە جەنگەكاندا چنگتان دەكەوێت پێنج یەكی بۆ خواو پەیامبەرو خزمەكانی و.و.و**)

5 العقيلي, ص174

فَجَاءَهُ دِحْيَةُ فَقَالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَعْطِنِي جَارِيَةً مِنْ السَّبْيِ فَقَالَ اذْهَبْ فَخُذْ جَارِيَةً فَأَخَذَ صَفِيَّةَ بِنْتَ حُيَيّ فَجَاءَ رَجُلٌ إِلَى نَبِيِّ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ يَا نَبِيَّ اللَّهِ أَعْطَيْتَ دِحْيَةَ صَفِيَّةَ بِنْتَ حُيَيّ سَيِّدِ قُرَيْظَةَ وَالنَّضِيرِ مَا تَصْلُحُ إِلَّا لَكَ قَالَ ادْعُوهُ بِهَا قَالَ فَجَاءَ بِهَا فَلَمَّا نَظَرَ إِلَيْهَا النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ خُذْ جَارِيَةً مِنْ السَّبْيِ غَيْرَهَا قَالَ وَأَعْتَقَهَا وَتَزَوَّجَهَا.[6]

صەحابەیەك بەناوی (دحية) دەچێتە لای موحەممەدو پێی دەڵێت: ئەی پەیامبەری خوا یەكێك لەو كەنیزەكانەم پێ ببەخشە كە دەستگیرمان كردوون. پەیامبەریش پێی دەڵێت: برۆ

---

6 عَنْ أَنَسٍ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ غَزَا خَيْبَرَ.و.و فَلَمَّا دَخَلَ الْقَرْيَةَ قَالَ اللَّهُ أَكْبَرُ خَرِبَتْ خَيْبَرُ, قَالَهَا ثَلَاثَ مَرَّاتٍ قَالَ وَأَصَبْنَاهَا عَنْوَةً وَجُمِعَ السَّبْيُ فَجَاءَهُ دِحْيَةُ فَقَالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَعْطِنِي جَارِيَةً مِنْ السَّبْيِ فَقَالَ اذْهَبْ فَخُذْ جَارِيَةً فَأَخَذَ صَفِيَّةَ بِنْتَ حُيَيٍّ فَجَاءَ رَجُلٌ إِلَى نَبِيِّ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ يَا نَبِيَّ اللَّهِ أَعْطَيْتَ دِحْيَةَ صَفِيَّةَ بِنْتَ حُيَيٍّ سَيِّدِ قُرَيْظَةَ وَالنَّضِيرِ مَا تَصْلُحُ إِلَّا لَكَ قَالَ ادْعُوهُ بِهَا قَالَ فَجَاءَ بِهَا فَلَمَّا نَظَرَ إِلَيْهَا النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ خُذْ جَارِيَةً مِنْ السَّبْيِ غَيْرَهَا قَالَ وَأَعْتَقَهَا وَتَزَوَّجَهَا. صحيح المسلم. كتاب النكاح, فضيلة إعتاقه أمته ثم يتزوجها. حديث1365 هەروەها سنن النسائي, باب البناء في السفر.

کەنیزەکێك ببە بۆ خۆت. ئەویش دەچێت لەناو بەشەکەی موحەممەددا ژنێك هەڵدەبژێرێت بەناوی (صَفِيَّةَ بِنْتَ حُيَيّ)و دەبیاتو دەڕوات. پاش کەمێك پیاوێك دێتە لای موحەممەدو پێی دەڵێت: ئەی پەیامبەری خوا ئەوە (صَفِيَّةَ بِنْتَ حُيَيّ) شاژنی دوو هۆزی قورەیزەو نەزیرت دا بە (دَحية)؟ وەڵڵاهی بەتۆ نەبێت بەکەس شیاو نییە. پەیامبەریش دەڵێ: ئادەی بە(دحية) بلێن ئەو ژنەم بۆ بهێنێت. کە(دحية) ژنەکەی هێناو پەیامبەر تەماشای کرد یەکسەر دڵی دەچێتە سەریو بە(دحية) دەڵێت: بڕۆ کەنیزەکێکی تر لەکەنیزەکەکان ببە بۆ خۆتو ئەمە بۆ من جێبهێڵە. ئیتر لە حاڵەتی کەنیزەکی ئازادی کردو لەخۆی مارەی کرد.

بەم شێوەیە ڕوخساری جوانیی ئەم ژنە لای موحەممەد ئاشکرا دەبێتو پاش کۆمەڵکوژی کەسوکارەکەی دەیکاتە یەکێك لە ژنەکانی خۆی. دەگێڕنەوە لەکاتی گەڕانەوەی موجاهیدەکاندا لەشاری خەیبەرەوە بۆ شاری مەدینە, (صفيه) لە لایەن (ام سليم) دەڕازێنرێتەوەو پێش ئەوەی بگەنەوە بە شاری مەدینە, موحەممەد بۆی دەچێتە پەردەوەو بەسەر ئەم کۆستکەوتوەدا دەبێت بە تازە زاوا.[7] ئیمامی بوخاری لەصەحیحەکەیدا لەنوسینەوەی

---

7 هەمان سەرچاوەو ناونیشانی پێشوو

رووداوەکەدا شەرمی نەکردووەو نوسیوێتی: ئاهەنگی ئەم ژنە سێ رۆژو سێ شەوی خایاندووە.[8] کاتێك موحەممەدو موجاهیدەکان دەگەڕێنەوە شاری مەدینە, ئافرەتە ئەنصارییەکان هەواڵ بۆ عائیشە دەبەن کە موحەممەدو صەفییە بوونەتە بووكو زاوا, بەتوڕەیی‌و گرژیەوە دەچێتە لای موحەممەد. عائیشە خۆی رووداوەکە دەگێڕێتەوەو دەڵێت: کە موحەممەد تەماشای چاوانمی کرد, ئیتر من رووم لێ وەرگێڕاو گەڕامەوە, موحەممەدیش شوێنم کەوت‌و باوەشی پێداکردم, منیش پێم وت: ئەو یەهودییە بگێڕەوە بۆ ناو یەهودییەکان.[9] سندی, کە شیکردنەوەی بۆ سەرگوزشتەکانی ئیبن‌و ماجە کردووە, دەڵێت: مەبەستی عائیشە, کە وتویەتی صەفییە بگێڕەوە بۆ ناو یەهودییەکان, ئەوەیە کەبەو زەواجە زۆر دڵتەنگ بووەو نەیتوانیوە تەحەمولی بکات.[10]

---

8 أَقَامَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بَيْنَ خَيْبَرَ وَالْمَدِينَةِ ثَلَاثًا يُبْنَى عَلَيْهِ بِصَفِيَّةَ بِنْتِ حُيَيّ. صحيح البخارى, كتاب النكاح باب اتخاذ السراري ومن أعتق جاريته ثم تزوجها. حديث4797

9 سنن ابن ماجة, المجلد الأول, كتاب النكاح, باب حسن معاشرة النساء. حديث1980

10 بڕوانە شەرحی سندی بۆ ریوایەتەکانی ابن ماجە لەم سەرگوزشتەیەدا.

غەریزەی سێکسی مرۆڤایەتی, بەشێوەیەکی نۆرماڵ, لەکاتی ئارامیو ئاشتیدا دەجولێتو هەوەسەکانی پەرە دەسەنن. بەڵام لە لای موسڵمانان ئەم حاڵەتە جیاوازی هەیە. کلتوری رەشۆکیانەی ناوچەکە کاریگەری بەسەریانەوە بووەو چ لەکاتی شەڕدا بێت یان لەکاتی ئاژاوەدا, هەوەسیان جوڵاوە. پەیامبەری ئیسلامیش, وەك هەر تاکێکی ئەو کۆمەڵگایە, کلتوری ناوچەکە بەسەریدا زاڵ بووە. نەك هەر لەئارامیدا بەڵکو لە شەڕیشدا ئارەزووە سێکسییەکانی لە لوتکەدا بووە. شەڕی خەیبەر, واتە کوشتن, داگیرکردن, کۆمەڵکوژی, تاڵانیو ئەنفالکردنی شارێکی گەورەی ئەو سەردەمە.! بەدیلکردنو کۆیلەو کەنیزەککردنی عەشاماتێك لەخەڵکی. لەو شەڕەدا غەریزەکانی موحەممەد لەسنوور تێپەڕ دەکاتو بێ گوێدانە ڕشتنی خوێنو گەورەیی ئەو کارەساتانە بیر لە سێکس دەکاتەوە. لەشەڕێکی وەها خوێناویدا هەوەسی سێکسی دەجولێو روخساری ژنێکی کەسوکارکوژراو بۆی دەبێتە مایەی کێشەی سێکسیو دواتر لە خۆشی جووتبوونیدا سێ رۆژ ئاهەنگی بۆ دەگێڕێت. کەمترین مارەیشی ناداتێ لەبەر ئەوەی کەنیزەك بووەو دەستکەوتی شەڕ بووە, گوایە بووە بە ژنی موحەممەدو لە کەنیزەکایەتی رزگاری

بووه.[11] ئەمە لەکاتێکدا صەفییە ژنێکی ئازاد بووەو ئەوەی کردبووی بە کەنیزەك خودی شەریعەتەکەی موحەممەد بوو.

مێژوونوسان دەڵێن: لەکاتی پەردەی بوکێنی ئەم دووانەدا, صەفییەو موحەممەد, صەحابەیەك لەبەر خێمەکەدا وەستاوەو پاسەوانی موحەممەدی کردووە. بە موحەممەدی وتووە: باوكو براو مێردی ئەم ژنە لەشەڕەکەدا کوژراوە, ئێستا لێی دڵنیا نیمو خەمی ئەوەم هەیە دەستێکی خراپت لێبوەشێنێت.[12]

پێویستە ئەوە بیری خوێنەر بهێنینەوە موحەممەد ئەو کەسایەتییەیە کە خوای ئیسلام لەبارەی ئەوەوە, لە قورئاندا بە هەموو مرۆڤەکانی سەر زەوی دەڵێت:

وَمَا آَتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ.[13]

ئەوەی پەیامبەر (موحەممەد) بۆی هێناون ئێوەش وەریگرن, ئەوەشی ئەو رێگریتان لێی دەکات ئێوەش مەیکەن, لە خواش بترسن چونکە خوا لە سزادا زۆر توندوتیژە.

---

11 أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَعْتَقَ صَفِيَّةَ وَجَعَلَ عِتْقَهَا صَدَاقَهَا. صحيح البخارى, كتاب النكاح باب من جعل عتق الأمة صداقها. حديث4798

12 الحاكم: المستدرك على الصحيحين, ذكر / صفية بنت حيي.

13 الحشر 7